## چێشتی مجێور

سەرچاوەیەکی گەلێک بەنرخ بۆ مێژووی سیاسی-کۆمەلایەتی-کولتووریی شاری بۆکان و گوندەکانی دەور و بەری، بیرەوەریەکانی نەمر مامۆستا هەژارە لە کتێبی "چێشتی مجێور" دا.
هەژار خۆی بۆ ماوەیەکی زۆر لە بۆکان و گوندی شەرەفکەندی ڕۆژئاوای بۆکان ژیاوە و بە فەقێیەتی لە چەند گوندی دیکەی ناوچە دەرسی خوێندوە و ئاشکرایە بیرەوەریەکی دەوڵەمەندی لە ساڵانی ژیانی ئەو سەردەمە، واتە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم هەبێت.
هەژار هاوڕێ لەگەڵ هێمن، بەشداریی هەڵکردنی ئاڵای کۆماری کوردستانی لە بۆکان کردوە و شیعری خوێندۆتەوە. پێشتریش هاوڕێ لەگەڵ حەمەرەشیدی عەلیزادە وەک نوێنەری کومیتەی حیزبی تازە دامەزراوی دیموکراتی کوردستان لە بۆکان، چۆتە مەهاباد و لەگەڵ نەمر حەسەنی قزڵجی سەرنووسەری گۆڤاری هەلاڵە هاوکاری کردوە. ئەو چالاکییانە و گەلێک ڕووداوەی دیکەی ژیانی هەژار لە بۆکان بەشێک لە لاپەڕەکانی "چێشتی مجێور" یان تایبەت بە خۆ کردوە و لەوانە ٧٨ تا ١٠٧ و هتد...
هەژار هەروەها لەم کتێبەدا گەلێک جار باسی سەرداری بۆکان، حاجی ڕەحمان ئاغا، قاسم ئاغا و حەمەدەمین ئاغای ئێلخانی زادە، حەمەد ئاغای سەرا، قازی کاکەحەمە، مەلا ئەمجەد عوسمانی، مەلا عەبدوڵلای حەسار، سەید حەمەدەمینی نوورانی، مەلا سەید عەبدولکەریمی زەنبیل، سەید کامیل ئیمامی(ئاوات)، سەید عەوڵا شێتە و گەلێکی دیکە لە دانیشتوانی شاری بۆکان و دەور و بەری کردوە.
بە گشتی بیرەوەریەکانی مامۆستا هەژار وەک سەرچاوەیەکی پڕبایەخی مێژووی بۆکان لە سەدەی بیستەمدا سەیر دەکرێت.

عەبدوڕەحمان شەرەفکەندی (هەژار) "چێشتی مجێور"، ئامادەکردن و سەرپەرشتی کردنی چاپ : خانی شەرەفکەندی، چاپی یەکەم، پاریس ١٩٩٧ ، ٥٨١ لاپەڕە.